لە ئەمڕۆوە شێبەلکی باران و بەفر بارین ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە



بەڕێوەبەرایەتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێمی کوردستان ڕوشی کەشوهەوای 48 کاتژمێری داهاتووی ڕاوکردووە.

کەشناسیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، "ئەمڕۆ دووشەممە 12ی کانونی دووەمی 2026، ئاسمان بە گشتی نیمچە هەور دەبێت، لە ناوچە سنووریەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور لە پارێزگای سلێمانی (سەنتەر شار تاکوو ناوچە سنووریەکان) پێشبینی بەردەوامی دروستبوونی تەم دەکرێت، بارۆژەی جیاجیا تاکو کاتەکانی درەنگانی شەو، هەروەها لەئێنجامی هاتنی شێبەکی تری بەفر و باران لەدەریای سپی ناوەراست کەوا لەکاتەکانی ئێوارە کاریگەری دەگاتە هەرێم، سەرەتا لەناوچەکانی پارێزگای دهۆک بەشێوەی نمبارانو بەفر لە ناوچە شاخاوییە سنووریەکانی باکوور دەستپەدەکات، پاشان کاریگەری درێژدەبێتەوە بە ناوچەکانی ناوەراستی هەرێم وە دابارانی بەشێوەی نمە باران و بەفر لەناوچە شاخاوویە بەرزەکان دەست پێدەکات وە بەردەوام دەبێ لەکاتەکانی درەنگانی شەو، خڕایی با لەکاتەکانی دوانیوەڕۆ چالاک دەبێت، هەروەها پلەکانی گەرما بە گشتی بەرزترین پلەی گەرما کەمێک نزم دەبێتەوە بە (1- 2) پلەی سیلیزی بە بەراورد بە پلەی دوێنێ"، وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:

هەولێر 14 پلەی سیلیزی

پیرمام 12 پلەی سیلیزی

سۆران 6 پلەی سیلیزی

حاجی ئۆمەران 2- پلەی سیلیزی

سلێمانی 10 پلەی سیلیزی

چەمچەماڵ 12 پلەی سیلیزی

دهۆک 11 پلەی سیلیزی

زاخۆ 12 پلەی سیلیزی

کەرکوک 14 پلەی سیلیزی

هەڵەبجە : 13 پلەی سیلیزی

گەرمیان : 16 پلەی سیلیزی

ئاماژە بۆکراوە، "سبەی سێشەممە 13ی کانونی دووەمی 2026، ئاسمان هەوری بارانباوی دەبێت لە سەرتاسەری هەرێم بەشێوەی نمە باران و بەفر بارین لە ناوچە بەرزەکان، شایانی باسە کاریگەری نا سەقاگیری ئاسمانی هەرێم بەردەوامی دەبێت بۆ ڕۆژی چوارشەممە، پلەکانی گەرما / بەرزترین پلەکانی گەرمای نزم دەبێتەوە بۆ (3 – 4) پلە لە تەماركراوەکانی ئەمڕۆ".

بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بۆ پلەی سیلیزی:

هەولێر :11 پلەی سیلیزی

پیرمام 8 پلەی سیلیزی

سەران 3 پلەی سیلیزی

حاجی ئەمەران 1- پلەی سیلیزی

سلەمانی 6 پلەی سیلیزی

چەمچەماڵ 9 پلەی سیلیزی

دهۆک 7 پلەی سیلیزی

زاخۆ 7 پلەی سیلیزی

کەرکوک 12 پلەی سیلیزی

هەڵەبجە : 8 پلەی سیلیزی

گەرمیان : 12 پلەی سیلیزی